ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# نامەیەك بۆ سەرۆك ماندێللا

**نوسینی : د. عائض القرنی**

**وەرگێڕانی : باوکی محمد**

---

پێشەکی :

لە سەرەتاکانی بلاْوبونەوەی ئیسلامدا دنیا بەگشتی و نیوەدورەگەی عەرەبیش بە تایبەتی کۆیلایەتی باڵی بە سەردا کێشابوو، بەشێوەیەك کە هەموو ماڵێك دەیتوانی زیاتر لە کۆیلەیەکی هەبێت، کە زۆربەیان ڕەش پێست بوون، ئیسلام یەکەم کارێك کە هەڵسا پێی ئازادکردنی ئەو کۆیلانە بوو لەو کۆت و زنجیرەی بە گەردنیانەوە بوو، ئەوەبوو یەکەم کەسێك کە هاتە ناو ئیسلام ( ئەبو بەکرخوالێی ڕازی بێ ) یەکەم ئیشی بریتی بوو لەوەی کە چەند کۆیلەیەکی کڕی لە خاوەنەکانی و ڕزگاری کردن کە بیلال یەکێك بوو لەوان .

بەو شێوەیە وورده وورده ڕژێمی کۆیلایەتی بنەبرکردو نەیهێشت کە ئەگەر ئیسلام نەبووایە ئیستەش هەر بەردەوام ئەبوو، ڕەنگە یەکێك پرسیار بکات و بڵێ چۆن وا دەڵێی لە کاتێکا کە ئەمرۆ دنیایەکی ترەو مرۆڤەکان ئازادن، بەلاْم لە ڕاستیدا ڕژێمی کۆیلایەتی ئەمرۆ بە شێوەیەکی تر پیادە ئەکرێت و شێوازێکی دیکەی وەرگرتووە .

لە سەرەتاو نیوەڕاستەکانی سەدەی هەژدەدا تاکە بازرگانی وولاْتانی داگیرکەر بریتی بوو لە کۆیلەکردنی خەڵی ئەفریقاو فرۆشتنیان بە بۆرجوازەکانی ئەمریکاو ئەوروپا، ئیستەش دەیان هەزار ژنان وکچانی وولاْتانی ئەفریقاو ئەوروپای ڕۆژهەلاْت ئەکرێنە کۆیلەو لە بازاڕەکانی بازرگانی جنیسی ئەوروپای مۆدێرندا ئەفرۆشرێن .

ماندێللا یەکێك بوو لەو کەسانەی کە لە پێناوی ئازادی گەلەکەی و بە کۆیلەنەکردنیدا بەهاری ژیانی کردە پایزو زیاتر لە چارەکە سەدەیەك لە نێوان چوار دیواردا بەند کرا، تاوانی تەنها ئەوەبوو بوو ڕەش پێست بوو، وە داوای ئەکرد کە مرۆڤە ڕەش پێستەکانیش وەك مرۆڤێکی ئاسایی بژین هەست بکەن کە مۆڤن و یەکسان بژین لە گەڵ ئەو کەسانەی کە وەختی خۆی داگیرکەرهێناوونی بۆ ئەوێ .

پێم وایە ئەگەر گۆڕانکاری بە سەر نەخشەی ئەم جیهانەدا نەهاتایە دوای هەرەسی کومونیزم ئیستەش ئەوەی پێی ئەڵێن وویژدانی جیهانی! هەر لە جێی خۆی ئەبوو ماندێللاش کۆت و زنجیر ئەبوو .

ئێمەش وەك گەلێکی چەوساوەو ماف خوراو زۆر هەست بە ئازارەکانی گەلانی چەوساوەی وەك خۆمان ئەکەین، بەلاْم جێی داخە کە گەلانی تر هەمان هەستیان نیە بەرامبەرمان .

وەك ئەرکێك بۆ نرخاندنی ئەو هەموو تێکۆشانەی ماندێللا چەشتویەتی لە پێناوی ئازادی خۆی و گەلەکەیداو وەك کوردێك کە هەموو ئاواتمان ئازادی ژیانە وەك گەلانی تری ئەم دنیایە، وەك موسڵمانێکیش کە باوەڕم بەوەیە کە مانای ڕاستەقینەی ئازادی و مافی مرۆڤ و دادپەروەری ورزگار بوون لە کۆیلایەتی تەنها لە ئیسلامدا بەرجەستە ئەبێت، بە باشم زانی ئەم نامەیە بە زمانی کوردی پێشکەش بە خوێنەرانی خۆشەویست بکەم، کە بەڕێز دکتۆر عائض القرنی زانای بەناوبانگ نوسیویەتی بە سەرۆك ماندێللا .

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ئاخۆ كەی گەلی كوردیش سەرۆكێكی دڵسۆزی وەك ماندێللای ئەبێت كە لە كۆیلایەتی ئەم و ئەو ڕزگاری بكات ؟!

لە عائض القرنی وە .

بۆ سەرۆك نێلسۆن ماندێللا .

سلاّوێكی پاك و بێ گەرد ئەی سەرۆكی مەزن:

من یەكێكم لە ملیۆنەهای ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوای ئەم سەرزەوییە، كە ژیانی تۆیان خوێندۆتەوە، ئاگاداری تێكۆشانت بوون، سەرسوڕماوو بوون بە نەبەردیت و خۆڕاگریت، سەرسام بوون بە گیانبەخشیت و ئازایەتیت لە پیناو بیرو باوەڕەكەتا، لە پێناو ئازادی خۆت و گەلەكەتا، هەتا بویتە ئەستێرەیەك لە ئاسمانی ئازادیدا، زەعیمێكی جیهانی لە قوتابخانەی تێكۆشاندا، داهێنەرێكی عەبقەری لە قوتابخانەی مافی مرۆڤدا .

بە ڕاستی خەڵك لە تۆوە چیرۆكی تێكۆشانی وەرگرت، لە ڕۆمانی سەربەرزی و سروودی سووربون لە سەر بیروباوەڕیان سوودیان لە تۆ وەرگرت، تۆ بویتە باوكی زۆرێك لەو چەوساوانەی مافیان داگیركرابوو چەوسابوونەوە لە وولاّتی خۆیان، داپلۆسین و ستەم بێ بەشی كردبوون لە ژیانی ئاسوودەیی، لە تۆدا نمونەیەكی بەرجەستەو زیندوویان بینی، پێشەنگێكی جوان بوویت لە ئارامی و خۆڕاگری و سوربوون و ڕەفزكردنی ستەم و چەوسانەوە، بەردەوام بوویت لە بەخشین و فیداكاری بۆ گەلەكەت تاكو مافەكانیان وەربگیرێن .

ئەی سەرۆكی مەزن :

ئیسلام -ئاینی ڕاستەقینەی پەروەردگار - ئاینێكی مەزنە، مەزنەكانی خۆش دەوێت، ڕێز لە داهێنەران دەگرێت، بەڕێزەكان بەرزو زیندوو ڕائەگرێت، كە تۆ یەكێكی لەوان .

ئیسلام ئاینی یەكسانیە، یەكسانی خستە نێوان عومەری عەرەبیو بیلالی حەبەشیو سەلمانی فارسی و سوهەیبی ڕۆمی، بە ڕاستی ئاینێكە ستەم ڕەت دەكاتەوە، داپلۆسین قەدەغە ئەكات، هەرچی جیاوازیەكی ڕەنگ و ڕەگەزو زمان هەبێت نایهێڵێت، خوا دەفەرموێت " ان اكرمكم عندالله اتقاكم "-بەڕێزترینتان لای خوا ئەوەتانە كە تەقواو پارێزی زیاتر بێت.

ئەی سەرۆكی مەزن :

ئیسلام ئیحتیفا ئەكات بە مەزنێكی وەك تۆ، چونكە ئاینێكە ڕێز لە فەزیلەت و پایەداری ئەگرێت، ئارامی لا گەورەیەو بە گەورە ئەینرخێنێت، هاندەرو پاڵنەری دادپەروەریە، بانگەشەی ئاشتی ئەكات، بەزەیی بلاّو ئەكاتەوە، بانگەواز ئەكات بۆ برایەتی .

ئەی سەرۆكی مەزن :

بە ڕاستی پلەی بەرزی دنیاییو شەرەفی جیهانیت بە دەست هێنا، وە سونبلی -وسام-ی فیداكاریت وەرگرت، تاجی ئازادیت لەسەر كرد، لە گەڵ ئەوانەدا كە بەدەستت هێنان ئەمانەی تریش بخە پاڵیان : باوەڕبە خواو بە دەست هێنانی گوێڕایەڵی پەروەردگارو شوێن كەوتنی پێغەمبەرەكەی صلی‌الله علیه وسلم ، ئەمەش تەنها بە موسڵمان بوونت ئەبێت، موسڵمان ببە پارێزراوو سەلامەتیت، موسڵمان ببە عیززەت و سەربەرزی دنیاو دوارۆژ بە دەست دێنیت و لە هەردوولا سەرفراز ئەبیت و ڕزگارت ئەبێت لە سزای خوا .

ZAGROS WEBSITE

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

موسڵمان ببە -ئەی سەرۆكی مەزن-تاكو زەوی و ئاسمان سڵاوت لێ بكەن، ملیارێك و دووسەد ملیۆن موسڵمان پێخۆشحاڵی دەربڕن و دەرگاكانی بەهەشتت بۆ بكرێنەوە .

ئەی سەرۆكی مەزن : تۆ دەسكەوتێكی بۆ ئیسلام، رەسیدێكی بۆ موسڵمانان، چەند جوانە كە ووشەی حەق و دادپەروەری و ئاشتی و ئازادی لە دوولێوەتەوە بێتە دەرێ و پڕ بە دەم بڵێیت ( لا اله الا الله محمد رسول الله ) كە ئەوە ڕاسترین ڕستەیە كە خوا ناردویەتی بۆ مرۆڤ، كە نهێنی بەختەوەری و فریادڕەس و سەركەوتن و ڕزگار بونیەتی .

ئەی سەرۆكی مەزن :

هەركاتێ لە وولاتانی ئیسلامدا بە زانایان و سەركردەكان و ئەدیبان و دانایان گەشتبێتم وتوویانە : خۆزگا ( نێلسۆن ماندێلا ) موسڵمان ببوایە، جا تكات لێ ئەكەم و هیوام وایە كە زۆر بە هێزو نەمری و سەداو دەنگەوە بانگەشەی ( لا اله الا الله محمد رسول الله ) بكەیت . جا ئەو كاتە بەندەكان خوا لە هەر شەش كیشوەرەكەدا پێخوشحاڵی دەرئەبڕن و چەپڵەت بۆ لێ ئەدەن، وە مەككە سەلامت لێ ئەكات، كەعبە دەرگای خۆیت بۆ ئەكاتەوە، دوانگەكانی موسڵمانان ناوە جوانەكەت بەرز ڕائەگرن، تۆ لە زینداندا بیست و حەوت ساڵ ئارامت گرت تا كۆتەكانت پساندو سەركەوتیت بە سەر زوڵم و ستەمداو یاخی بووانت وورد كرد، دەی بە موسڵمان بونت داستانێك لە باوەڕ تۆمار بكە، چیرۆكێك لە ئازایەتی و وێنەیەكی جوان لە وێنەكانی جوامێری بەرجەستە بكە .

ئەی سەرۆكی مەزن :

سوێند بە خوا-ئێمەی موسڵمان- لە ئیسلامدا نرخ و ڕێزو كەرامەتی مرۆڤمان بینیوەتەوە، شیرینی باوەڕو لەزەتی گوێڕایەڵیمان چەشتووە، خۆشنودەیی بەندایەتی پەروەردگارو شەرەفی كڕنوش بردن بۆی و سەربەرزی و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەكەیمان چەشتووە .

جا لە بەر ئەوەی تۆ گەورەیت لە دەروونماندا-بەو مێژووە پرشنگدارەت-زۆر حەز ئەكەین بەشداری ئەو ژیانە پڕ بەختەوەری و ئاسودەیی و كامەرانیەمان ببیت كە لە سێبەری ئیسلامدا پێی بەختەوەر بووین،وە هەڵی داهاتووی ژیانت لە سایەی ئەم ئاینەدا بەختەوەر بكەیت .

ئەی سەرۆكی مەزن :

ئەو مانا بەرزانەی تۆ بانگەشەیان بۆ ئەكەیت كۆی هەموویان لە ئیسلامدا ئەبینیتەوە، ئەو بەزەییەی كە دڵی داگیركردویت لە ئیسلامدا هەستی پێ ئەكەیت و لەمسی ئەكەیت، ئەو دادپەروەریەی بانگەشەی بۆ ئەكەیت لە ئیسلامدا بە كردەوەو بەرجەستە كراوی ئەیبینیتەوە .

ئیسلام ئارامگرانی خۆش ئەوێت و تۆش بە ئارام بوویت، ڕێز لە زیرەكەكان ئەگرێت و تۆش زیرەك بوویت، نرخی خاوەن ژیرو داناكانی لایەو تۆش ژیرێكی تەواویت، ئازایەتی و نەبەردی بەرز نرخاندووە تۆش ئازاو نەبەرد بوویت .

ئەی سەرۆكی مەزن :

بە ڕاستی چەند ڕۆژێك ژیام لە گەڵ یادداشتەكانتا " گەشتە درێژەكەم لە پێناوی ئازادیدا "★ زۆر شتم بینی لە مەزنیت و ئارامی و ئازایەتیت كە بە ڕاستی سەرسامی كردم و ووتم : خۆزگە ئەم مرۆڤە بەڕێزە پرشنگدارە موسڵمان بووایە، سوێند بە خوا هیچ ئاینێك نابینم شایستەی تۆ بێت و تۆش شایستەی ئەو بێت ئیسلام نەبێت، هیچ مەبدەئێك نازنم ئەوەندەی ئیسلام ڕێزی لە نمونەی وەك تۆ گرتبێت، چونكە ئیسلام ئاینی فیترەو خوارسكە، دڵەكان ئەكاتەوە، لە

ZAGROS WEBSITE

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

گەلٚ ژێریدا ئەدوێت، دەروونەکان پاك ئەکاتەوەو پاڵفتگەیان ئەکات، ڕەوشت تەزکیە ئەکات و ڕێـز لـە مـرۆڤ ئـەگرێت، بوونەوەر ئاوەدان ئەکاتەوە، ژیان جوانترو ڕازاوەتر ئەکات .

ئەی سەرۆکی مەزن :

من لە مەککەوە ئەتدوێنم، لە پەنای کەعبەدا کە قورئانی لیٚ هاتۆتە خوارەوە، محمدێلیاللە علیه وسلم ی لیٚ نێردرا، ڕۆژی پەیامی ئیسلامی لیٚ هەڵهات و بتەکان شکێنران و یاخی بووان لە ناوبران و جاڕی مافی مرۆڤی لێوە درا، ستەم و داپڵۆسین وەلانراوو خراپە چاڵەوەو ئاشتی و دادپەروەری بلاٚوکرایەوە، خوای ئێمەو تۆ ئەفەرموێت : (فمن یرد اللە ان یهدیه یشـرح صدره للاسـلام ... { } هـەچ کەسـێك خـوا مەبەسـیت بێـت و بیـەوێت ڕێڕۆشـنی بکـات دڵـی ئەکاتـەوە بـۆ وەرگرتنی ئیسلام ) .

ئەی سەرۆکی مەزن :

بە ڕاستی ژیان کورت و بە ئەشکەنجەو ئازارە، سەرەڕای ژیانی مەزنێکی وەکـو تـۆ کـە نزیکـەی نیـوەی تەمـەنت بـە ستەملێکراوی لە بەندیخانەدا بردە سەر، لەودنیا ژیانێکی نەبڕاوەی هەیە کە پڕە لە خۆشی و نیعمەتی بیٚ کۆتایی تەنها ئەوانە ئەیگەنیٚ و ئەبنە خاوەنی کە باوەڕیان بە خوا هەیەو شوێن پێغەمبەرەکانی کەوتوون، هیوام وایە کە ئەو ژیانـە پڕبەختەوەری و سەربەرزیەت لە دەست نەچێت و ببیتە خاوەنی، هەروەك فەیلەسـۆفی بـەناوبانگ" دیکارت " ئـەڵێت :" ئـەم ژیانـە لـە شـانۆگەریەکی دووبـەش پێـك هـاتووە، بەشـی یەکـەمیانمان بیـنی، مەشـهەدی سـتەمکارو سـتەملێکراو، سەرکەوتوو ژێرکەوتوو، بەهێزو لاواز، ئەی کوا مەشهەدی دووەم کە دادپەروەری تێدا بێت ؟! " .

زانا موسڵمانەکان دەمێکە وەلاٚمیان ئەو پرسیارەیان داوەتەوە کە مەشهەدی دووەم ڕۆژی لێپرسینەوەیە لە دواڕۆژدا، ڕۆژێك کە دادگای پـەروەردگار دائـەنرێت وکـەس دادوەر نیـە تەنـها خـوای پـەروەردگار نـەبێت، تـاکو هـەموو دەرونێـك پاداشتی ئەو کردەوە چاکانە وەربگرێتەوە کە لەم ژیانـەدا کردوویەتی، وە تۆڵەی کردەوە خراپەکانیشـی لیٚ بسـەنرێتەوە، وە حوکمی بەندەکانی بکات لەوەی لە سەری جیاوازن و کۆك نین .

لە کۆتایدا بەختەوەر ئەبم کە کتێبەکەمت " لا تحزن "★★" خەفەت مەخۆ " پێشکەش بکـەم، هیـوادارم کـە کـۆی ڕای زاناو دانایانی کۆن و نوێی تیا ببینیتەوە کە بەختەوەری ڕاستەقینە تەنها لە ئیسلامدا هەیە .

داوام لە خوای گەورە و پەروەردگاری عەرشی مەزنە کە دڵت ئاویشتە بکات بە نوری ئیسلام ئەی سەرۆك .

ڕێزو سلاٚوی موسڵمانان بە پیاوو ژن و پیرو گەنجەوە لێمان وەربگرە لە هەموو شوێنێکی ئەم زەویەدا .

ڕێزو سلاٚوی منیش وەربگرە .

د . عائض عبداللە القرنی .

---

★کتێبێکی ماندێللایە کە باس لە ژیان و تێکۆشانی خۆی ئەکات لە پێناوی ئازادی خۆی و گەلەکەیدا .

★★ کتێبێکی دکتۆرە باسی شێوازەکانی لابردنی خەفەت و بێزاری و دڵەڕاوکیٚ ئەکات بە شـێوازێکی زۆر جـوان و ڕێك و پێك، وەرگێڕدراوەتە سەر چەند زمانێك .